ئەوینێکی مەزنتر

دایکم خەفەت خان دەکرد

دەیدایە پڕمەی گریان .. دەپاڕایەوە

ئەو ساتەی بە یەکەوە ژیر دەبووینەوە

سەیری ئاسمانی سەرووم دەکرد ..

پەلکە زێڕینەی خۆشەویستم رەویبۆوە!"

هۆ پەلکەزێڕینەی حەزی حەوت رەنگم

کەی دێیتەوە نێو باوەشم ..؟

من نەك لە تۆ .. من لە هەموو دونیا بێبەشم

چ رێگەیەکی وێڵا تۆی بۆ من هانی

چما تازە دەزانی شاگوڵێکی تەنیا و ڕەشم ..؟

چی لە تەرمە بێنازەکەی تۆ بکەم ..

ئەوەتانێ .. تەرمی هەزاران ئەوین

ئەوەتانێ وا بەسەر شانمەوە

تۆ نازانی .. هەر کانییەك وشك بکا ..

سەدان کانی سووری گریان ..

لە چاوەکانی من دەتەقنەوە ..!

تۆ نایزانی .. هەر سیامەندێ ..

گەر نەگا بە خەجێ‌ی خۆی

هەر فەرهادێ .. بە شیرین‌ی

هەر مەمێ .. بە خاتووزین‌ی

ئەو دڵەی من وەك شاخێکی مەزنی بن کۆڵا

کە چۆن دەڕمێتە نێو خەرەندێ ..

ئاوا گران هەرەس دێنێ و دادەڕوخێ ..!

بۆ چیرۆکێك دادەنیشم ..

گەواڵە هەوری بەهار ئاسا ..

دەناڵێنێ و ... دەگرمێنێ ..!

ئەستێرەی بەختی هەرکامتان .. گەر دادەکشێ ..

گلێنەی هەردوو چاومە و .. دەتوێتەوە ...

سووك و سانا لە من دەرژێ!

تەنها بۆ تۆ نانالێنم ..

کەی باران بۆ تاقە گوڵێ باریوە ..؟

چ دڵێ تەنها بۆ شۆخێك لەرزیوە ..؟

من نەمدیوە ..!

سەیرکە ئاسمان .. چۆن گشت دونیای داپۆشیوە ..!

سەیرکە شاعیر .. چ خەمێکی بێپایان و نەبەزیوە ..!

تەنها بۆ تۆ ناگریم

مەرگی ناوەختی ئەوینی تۆ

لە دارستانی بەر ڕەشەبای پایزی مێژوو.

تاقە یەك گەڵای زەرد و وەریوە

لە زستانی هەمیشەیی ناوە ژوورەکەم ..

تاقە یەك خەمی تەنیا و تەزیوە

ئەو مەرگەی من پرسەم بۆ گرتووە ..

سەری پێخستوومەتە سەر ئەژنۆ

مەرگێکی مەزنە ..

دوور لە چاوی تۆ ..!

1983-10-22